# ئالأى كوردستان له كێبڕكێى سياسييدا

ئيبراهيم ئيسماعيل عەباس



وتارەكەى كاكەيى و وتە و لێدوانەكانى ئەسەسەرد ، لەبابەتى پەيوەست بە گۆڕينى ئالأى پيرۆزى كوردستاندا ، لەكاتێكى نزيك لەيەكدا . كە هەر يەكە و بە ئامانجێكى سياسى كەسى نووسران و گوتران . لەبەر ڕۆشنايى ئەم بۆچونەمدا ، پەژم : پێويست نەبوو ئەو هەموو شيكارى و بە دواداچوونەيان بۆ كرابايە تا ئەو ئاستەى گێرڤى ناسوناليستيانەى هەندێك نووسەر و ڕۆژنامەنووسى زۆر بە گوڕ جولأند .

زۆر بەڕاشكاوى دەڵێم : ئەگەر شيكارى و وەلأمێك پێويستبيايە لەمەڕ پرسێكى ئاوا ، دەبوايە گفتوگۆ كردنى ئامانجە كەسييەكانى ئەم دوو بەرێزە بوايە ، لەپشت نووسين ولێدوان لەوەها كارێك ، كە خۆزگەم دەخواست هيچ كوردێك هەر بە خەياڵيشيدا نەهاتبايە !. نازانم بۆ دەبێت ؟ كاك فەلەكەدين كاكەيى ، هۆكارى گۆڕينى ئالأى كوردستان ، هاوكاتى وتارەكانى لە پەشيمان بوونەوەى خۆى لە دەنگدان بە دەستوورى هەميشەيى عێڕاقەوە ببەستێتەوە ؟ و لەيەك كاتدا هەردوو بابەت پێكەوە بوروژێنێ !. ئەمە لەلايەك . لەلايەكى تريش ئەگەر ئەم زاتە ئەوەندە پەرۆشى سەلاحەددينى ئەيوبى بێت ، بەوەى لە سەفەر و گەشتە زۆرەكانى بۆ دەرەوەى وڵات ، لە جارەكانى ڕەتبوونى بە سووريادا بە زيارەتكردنى گۆڕەكەى لە ديمەشقى پايتەختى سووريادا ، سۆزێكى عارفيانەى بۆ ئەو سەركردە ئيسلامييە جولأ بێ . نەدەبوايە ئەو سۆزە بگاتە ئەو ئاستەى لەسەر حسابى هەست و سۆزى كوردى هەر چوار پارچەى كوردستان بێت و بەئاسانى دواى گۆڕينى ئالأى كوردستانى پێى بكردبايە .

ئەگەر وروژاندنى ئەم بابەتەش لەسەر زەردى ئالأكە و هەڵۆكەى ناوى بێت ، وەكو بەرێز كاكەيى زياد لەجارێك و نزيكەى دەساڵێكيش پێش ئيستا ئەم بابەتەى لە ديدارێكدا لەگەڵ گۆڤارى ڕامان دەربڕى بوو . پەيوەست بە ڕەنگى ئالأ و سمبولى پارتى ديموكراتى كوردستانى بكات ، و لەمەشدا مەبەستێكى ترى هەبێت بەوەى : ڕەنگى زەردى ئالأى پارتى ئەگەر لە ڕەنگى ئالأى سەلاحەددين وەرگيرابێت . باوەڕ ناكەم بەرێز كاكەيى ڕۆژێك نەخشى لە گۆاستنەوەى ئەو زەرديە لە ئالأى سەلاحەددينەوە بۆ پارتى هەبووبێت ، هەروەكو ناڕاستەوخۆ بيەوێت ئەمەمان پێ بێژێت , تا ئەم باسكردنەى ئێستاى بير خەرەوەى ئەو ڕابردووە بايە، چونكە هەڵدانى ئالأى زەرد لەناو " p.d.k " دەگەڕێتەوە بۆ مێژوويەكى دوور و بەدروستيش بۆ سەردەمى شۆرشى ئەيلول . كەپێم وايە ، ئەو كاتە ، ئەويش پۆستێكى ئەوتۆى نەبووە ، لەبابەتێكى ئاوا گرنگ و هەستيار پرسى پێكرابێت . بەلأم ئەگەر ئەو هەڵۆيەى وەكو نيشانە و سمبولێكى ئازايەتى لاى پارتى سەير دەكرێت ، لە ئالأكەى سەلاحەددينى ئەيوبييەوە هاتبێت ، ڕەنگە لەمەى دواييياندا ، كاريگەرێك يان پرسێكى، پێكرابێت .چونكە ئەوندەى من ئاگاداربم مێژووى ئەمەى دواييان دوور نييە و دەگەڕێتەوە بۆ ساتەكانى شەڕى ناوخۆ . بەلأم !! ئەوەى لێرە گومانم بۆ دروست دەكات ئەم پێداگريەى بەرێزكاكەيى لە گۆڕينى ئالأى كوردستان بۆ ئالأى سەلاحەددين . لەم كاتەدا كە بەدوورى نازانم ،مەبەستى بە پەلە باس كردنى لە دواى ئەو بڕيارەى بەرێز سەرۆكى هەرێمى كوردستان بێت ، بە دابەزاندن و هەڵنەدانى ئالأى بەعس لەكوردستان و دەركردنى بڕيارێكى تايبەت . خەيالّى جێگرەوەى ئالأى كوردستانى بە ئالأيەكى تر لەلايەن بەرێز كاكەيەوە درابێت . بەو هيوايەى بە ئاسانى ئەم پێشنيازەى جێگاى خۆى دەگرێ وئەگەر ئەمەش بوو ، دەبێت بەمێژوويەكى ديار بۆێ . ئاخر پەلەيەكەى كاك فەلەكەدين بەجۆرێك بوو ، زۆر زوو ئەو وتەيەى 16/ئابى 1998 ى بەرێز سەرۆكى هەرێمى كوردستانى لەبير چۆوە ، كە ئاماژەى بە لەدايك بوونى خۆى لە مەهاباد و لە ژێر ئەو ئالأيەى دا .

بەڵام سەرەنجام کاتێك سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر هێڵە سوورەکانی گۆڕینی ئاڵای کوردستاندا . کاك فەلەکەدین نە بەنووسین نە بەوتار و چاوپێکەوتن و لێداوان نزیك ئەم بابەتە نەکەوتەوە .

بەڵام زۆر باش بەئاگام لەوەی بەڕێز ئەسەسەرد لێدوانە زۆرەکانی و وازنەهێنانی لەم باسە ، هەر لە میدیای کوردییەوە تا بەعەرەبی دەگات ، پەرۆشی ئەم زاتە نییە بۆ ئاڵای بەعسی عێراق !. زەحمەتە مرۆڤ باوەڕبکات مەودای بیری ئەسەسەرد هێندە فراوان بێت ، بێی ئەوەی کەس ڕایسپاردبێ و کەسێك دەست خۆشی لێبکات ، شەڕی نەتەوەکەی خۆی بۆ کەمە نەتەوەکانی کوردستان بکات؟!. لەکاتێکدا بەدرێژایی 15 ساڵ ئازادی کوردستان هەتا بەڕێز ئەسەسەرد و کاکەیی لە دەرگای ئەم پرسەیان نەدا ، گوێ بیستی بابەتێکی لەم جۆرە لە خوشك و برا ئاشووری و کلدانی و تورکمانی نەبووین !. باوەڕیش ناکەم بەشێوەیەکی هێندە ڕەهاش ڕقی لە ئاڵای کوردستان بێت ؟!. بگاتە ئەو ڕادەی لە لێدوانە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا ، هەوڵی گۆڕینی یان هیچ نەبێت سڕینەوە و کاڵبوونەوەی پیرۆزی ئاڵای نەتەوەکەی بدات .

ئەوەی فەرید ئەسەسەرد بۆی داخبارە ، بەرگریکردنە لەسیاسەتێکی هەڵەی سێ ساڵ و نیو لەمەو بەری حیزبەکەی . بەڕێزی بەلێدوانە زۆرەکانی دەریخست ئەگەر نەخشە داڕێژەرەی ئەم هەڵەیەش نەبووبێت ، تا نوکەش بەرگریکەرێ سەرسەختی ئەم هەڵەیەیە !!!. بڕیارەکانی ئەو ساتەی حیزبەکەی ئەسەسەرد بۆ هەڵدانی ئاڵای بەعسی عێراق لەکوردستان دای ، گەمەیەکی دۆڕاوبوو بۆ ڕاکێشانی سۆزی ئەمریکای تازە هاتووی دوای ڕووخانی سەددام بوو ، ئەم گرەوەی بەپەلە پرۆزێ هەڵدانی ئاڵای عێراق لە لایەن ئیدارەی سلێمانی و ی . ن . ك ، تەنها و تەنها بۆ ڕاکێشانی دڵی سەربازە سەرشێتەکانی ئەمریکا بوو . ئەگەرنا بەرزکردنەوەی ئاڵای بەعس بۆ گەنجەکان و نەوەی نۆیی کە یەکێتی گرەوی ڕاکێشانی بۆ ناو ریزەکانی خۆیان کردبوون ، تەنها پەرۆیەك بوو مەگەر لەتەلەفزۆێنەوە بینرابێت . ئایا بەڕێز ئەسەسەرد باش لەبیریەتی ؟؟ هەر زوو لە پەرچەکرداری ئەمەشدا : پ . د . ك بۆ ڕاکێشانی سۆزی خەڵکی سادەی کوردستان بەگشتی و ناوچە تازە ئازاد بووەکان بەتایبەتی ، ئەم دەرفەتە ڕەخساوە زێڕینەی لەدەست نەدا و جاری بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستانی داو هەرچی ئاڵای بەعس هەبوو ، بەبارەگای مەڵبەند و کۆمیتەکانی یەکێتیشەوە ، لەژێر دەسەڵاتی خۆی داگیرانە خۆارێ .

ئەوەی لە نێوان ئەم دوو بۆ چوونە ، تاکە کەسییە شکست خۆاردووەدا ، جێگای ڕامانە .... و گەرەکمە قسەی لەسەر بکەم ئەو وتار و نووسینە توندانەن ، کە کێرڤی ناسونالیستیانەی هەندێك ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووسی بە جۆرێك بەرز کرۆتەوە . دەڵی ساتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردییە . بەڵام ئەوەی نایەڵێت ئەم خەونە بێتە دی ... تەنێی ئەسەسەرد و کاکەین .

نازانم بەرگری کردن لە ئاڵای پیرۆزی کوردستان کە ساڵانێکە بە هۆی ئازادی باشووری کوردستان ، لەناو دڵی کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان جێگای خۆی کردۆتەوە ، بووە بە سمبولێکی درەوشاوە , لە دنیادا کوردی پێدەناسرێتەوە . لای حیزبەکوردستانیەکانیش ئاریشەیەك نییە لە هەڵدانی ، چ پەیوەستییەکی بەداوای سەربەخۆیەوە هەیە ؟ ئێمە پێویست ناکات لەئاست بەرگری کردن لەپیرۆزی سمبولێك بەپەلە بریاری سەربەخۆی بهاوێن .واقعی ئێمەی ئێستای کورد لەم بارە دژوارەدا ، کە ناوچەکەو عێراقی پێدا گوزەردەکات . بە جۆرێکە : کورد پێویستە زۆر بەووریایی پارسەنگ ڕاگری ڕاستەقینەی قەوارەکەی ئێستای خۆی بێت . چونکە ڕۆژانە گوێ بیست دەبین چۆن ئەمریکای زلهێزی دنیا ، کە بیرمەندەکانی کۆتایی مێژوویان ڕاگەیاندووە ، چەندە کلۆڵە لەدەست بارودۆخی تێکچرژاوی عێراق ، ڕووداوەکانی ناوخۆی ئەم وڵاتە لە هەفتەکانی ڕابردوودا ، پارسەنگی دابەشبوونی دیموکراتی و کۆمارییەکانی تێکدا و پاشی 12 ساڵ لەزۆرینە و باڵا دەستی کۆمارییەکان لە کۆنگرێس ، شکستە سەربازییەکانی ئەم ئیدارەیە لەعێراق ، کۆنگرێسی ڕادەستی دیموکراتییەکان کردەوە . هەر ئەوەندەشنا ، کۆمارییەکان لە ترسی دۆڕانیان لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی یەکێك لە هەڵۆ بەرزەفڕەکانی ، وەکو دۆناڵد ڕامسفێڵدی وەزیری بەرگری ناچاری نیشتنەوە و دەست بەردار لەپۆستەکەی کرد . ئاخر نایشارمەوە ترسم هەیە ، گەمەی ناوخۆ و دەرەوەی ئەم زلهێزە ، سیناریۆی وانا ( کە پاشەکشەی هێزەکانی لەعێراق بەکۆتا

بێنێ ). بەڵکو بۆ هێورکردنەوی باری دژواری لەدەست چووی ڕەوشی ئاسایشی عێراق و نە دۆڕانی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆمار، لەناوخۆی ئەمریکادا . ئیدارەی ئێستای ئەمریکا ناچاری پاشەکشێ لەهەندێك لە داخۆزایەکانی کورد لە ئێستا و ئایندە بکات !!. جیا لەهەمموو ئەمانەش : داوای دەوڵەتی کوردی لەئێستادا تامێژوویەکی کەمێك دووریش . جیا لەو زوڵمە جوگرافییەی سرووشت لێکردوین ، بەدەورەدرانمان بەنەتەوەی سەردەستی جۆراوجۆر ، کە جڵەوی مێژووی کوردیان لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی مادده وە لە پێبج سەدە بەر لەزاینەوە تا نوکە بەدەستەوە بووە . ئەگەرێکە پێم وایە بەم حاڵەی ئێستاوە گەر پەنای بۆ برا ... دووچاری دووبارە بوونەوەی کارەسەتاکانی ڕابردوومان دەکات . هۆکارەکانیش یەکجار زۆرن ، بەڵێ لەم وتارەدا جێی باسیان نییە .

بەڵام خوێنەرانی هێژا لەگەڵم بیر بکەنەوە .... بەڵام هاوڕای ڕایەکەم مەبن . بەم حاڵەی ئەو لەشکرە نەشارەزایەی ئێمەی کورد حکومەت و دەزگاکانی خۆمانی پێی بەڕێوەدەبین , بەقەولی مامۆستا مەسعود محەمەد هەزار جار شەرفەمەندانەتر نییە . زۆر بەهێمنی فشار بۆسەر دەسەڵات دروست بکەین ، بۆ ئەوەی سەرگەرمی چاکسازی و پاکسازی ڕاستەقینە بێت ، نەك گرەو لەسەر کارێك کە نووسەر و ڕۆژنامەنووسانی ئێمە بە سۆزەوە دەیبینن و بەئاگایی دەیورۆژێنن .

2006/11/18